# چینایەتی و چارەنووس

زەردەشت نورەدین

مرۆڤ هەمیشە بیری لە داهاتوو کردووەتەوە و خەمی لێ خواردوە و دواجار قەلەقیکردووە. نادیاریی داهاتووی مرۆڤ، پەیوەستە بە قوولٚترین و وجودییترین قەلەقی مرۆڤەوە. قەلەقییەک کە پێش ئەوەی لە مردنەوە سەرچاوەبگرێت لە خودی ژیانییەوە وەریدەگرێت. ***ئەوەی کە بە پلەی یەک مرۆڤ قەلەقلەکات خودی ژیانە، نەک مردن.*** بە شێوەیەکی گشتی لە کۆنەستی مرۆڤدا حەتمیەتی مەرگ چەسپیوە و شتە چەسپاوەکانیش قەلەقی دروستناکەن. ئەوەی قەلەقی دروستدەکات شتە گۆڕاو و ناجێگیرەکانن. لەم ڕنتەوە داهاتووی ناجێگیر و نادیاریی مرۆڤ، بەرهەمهێنەری گەورەترین قەلەقییە.

بیرکردنەوە لە داهاتوو بەجۆرێک گرێدراوە بەو شتەوە کە مرۆڤ پێیدەلٚێت چارەنووس. چارەنووس ناوێکی ترە بۆ داهاتووی نادیار و تەمومژاویی مرۆڤ. ئەوەی لێرەدا لێیدەکۆلٚینەوە چارەنووسە لە ڕەهەندە جیاجیاکانەوە. ڕنتی دەسپێکی ئەم نوسینە تەرکیزکردنە سەر جیاکاری و بەرز و نزمیی نێوان چارەنووسە جیاوازەکانی مرۆڤ و هاوکات دۆزینەوەی بنکە مادی و ماتریالٚییەکانی چارەنووسی کۆمەلٚە جیاجیاکانی مرۆڤە. بەدەربڕینێکی وردتر، باسکردنی چارەنووسی چینە جیاوازەکانی کۆمەلٚگایە.

چوار جۆر چارەنووس بەم شێوەی لای خوارەوە دەخەینەڕوو؛

١- چارەنووسی میتافیزیکی

٢- چارەنووسی وجودی

٣- چارەنووسی چینایەتی

٤- چارەنووسی هیرارکی

ئەم چوار تایپە لە چارەنووس ئاماژەیە بە ئاڵۆزی چەمکی چارەنوس و هاوکات نزیکبوونەوەیە لە بنکە دەستنیشانکەر و بزوێنەرەکانی چارەنووسی مرۆڤ. دواجار قسەکردن لەسەر چارەنووس لێرەدا گەڕانە بەدوای بنکە ڕاستەقینەکانی دروستبوونی چارەنووس دا، بەدەر لە تێگەشتنە ئوستوورەیی و دینییەکان و هاوکات بەکارهێنانی شیکردنەوەی ماتریاڵیستییە بۆ چارەنووس.

## ١- چارەنووسی میتافیزیکی

قەدەر یان چارەنووس لە مانا میتافیزیکییەکەیدا، جۆرێکە لە ژیاننامە و بایۆگرافیای نەنوسراوی پێشوەختەی کەسەکان. نەنوسراو بەو واتایەی کە مرۆڤەکان نازانن چییە، بەڵام خودا یان خوداکان دەیزانن. لە ئاینی ئیسلامدا خودا هەمووشتزانە و پێشوەختە هەموو شت دەزانێت. لەم پێتەوە جۆرێک لە چارەنووسی دیاریکراوی یەزادنی بەسەر مرۆڤەکاندا چەسپاوە. لێرەدا ناچینە ناو ئەو موناقەشە دووروودرێژەی کە لەسەر ئازادی و جەبر لە مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلامدا هەیە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە قوڵبوونەوەیە لە خودی چەمکی چارەنووس.

ئەگەر ڕاستەوخۆ لە دەقە نوخبەوییە ئاینییەکان دووربکەینەوە و لە عەقڵی باو[1]ی خەڵک نزیکبینەوە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تاڕادەیەک بەرهەمی دەقە نوخبەوییە ئاینییەکانە؛ ئەوا ئاسۆی باشتر لەبەردەماندا دەکرێتەوە بۆ تێگەشتن لە چارەنوس. بەدوور لە ئاڵۆزی، چەمك و تێگەی چارەنووس لە کەلتوری ئێمەدا پەیوەندیی بە خوداوە هەیە. لە تێگە ئاینییەکەدا، خودا

[1]- Common Sense

بەجۆریک لە جۆرەکان چارەنووسی مرۆڤەکانی بەگوێرەی ویستی ناوەکیی خۆی داڕشتووە. ئەمەش یەکەم ناکۆکی لەگەڵ ئازادیی مرۆڤدا درووستدەکات. لەڕوانگەی بوونگەراییەوە بەو مانەیەی مرۆڤ دەخرێتە بەردەم ویستی دەرکییەوە کە ویستی خودایە. لە تێگە ئاینییەکەدا ئەمە نابێتە بەربەست لە تێگەشتن بۆ ئازادی. لەم پنتەوە کەم خەڵک دەدۆزیتەوە کە لە چارەنووسی خۆی بە تەواوەتی ناڕازی بێت؛ بەو مانایەی سەربکێشێت بۆ جۆرێک لە یاخیبوون بەرانبەر خودا و درزکردنە ناو چارەنووسەوە. ئەگەر هەشبووبێت دواجار چوارچێوە میتافیزیکییەکەی چارەنووس تێناپەڕێنێت. نمونەی ئەمەش یاخیبوونی ئەیوبە لە پەیمانی کۆندا، کە سەرەڕای هەموو گلەیی و گازندەکانی، دواجار ملکەچی چارەنووسە یەزدانییەکە دەبێت.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە لێی وردبینەوە ڕەهەندە ئاینییەکەی چارەنووس نییە، کە ئایا خودا تا چەند چارەنووسی مرۆڤی دیاریکردووە و تا چەند ئازادیی پێ بەخشیوە. بەڵکو ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بەدەرە لە ڕوانگە ئاینییەکە؛ پرسیارێکە لەوە ڕادیکاڵترە کە بیبەستینەوە بە خودا یان ئاینەوە. پرسیارەکە بۆ ئێمە بەم جۆرەی لێ دێت: بۆچی مرۆڤ بیری لە چارەنووس کردۆتەوە؟ یان بە دەربڕینێکی وردتر، ئەو هۆکارانە چین کە چارەنوسی لە لای مرۆڤ کردووە بە بابەتی بیرکردنەوە؟ یان چارەنووسی کۆمەلایەتی، چۆن ڕەنگڕێژ و دەستنیشاندەکرێت.

دیارە چارەنووس چەمکێکی تایبەت بە ئاینی ئیسلام یان داهێنراوی کەلتورێکی دیاریکراو نییە؛ بەڵکو چارەنووس، چەمکێکی ناو هەموو کەلتورەکانی دونیایە و ناواخنێکی سەرووکەلتوری و ترانسکەلچراڵی[2] هەیە. لەم پنتەوە بۆ ئێمە زیاتر شایەنی لێوردبوونەوەیە. لە کۆنترین نوسینەکانی مرۆڤدا، کە نوسینە ئوستوورەییەکانە، بەشێوەی جۆراوجۆر باس لە چارەنووس کراوە. ئەوەی شایەنی باسە لەمەڕ چەمکی چارەنووس، تێبینیکردنی ئەو گۆڕانانەیە کە بەسەر ناواخنی چەمکی چارەنووسدا هاتووە لە کۆمەڵگا جیاوازکان و لە بڕگە جیاوازەکانی مێژوودا.

سەردەمانێکی کۆن، پێش ئەوەی مرۆڤ بێتە ناو شارستانیەت و ژیانی شارییەوە، چۆنییەتیی ژیانکردن جیاواز بووە لە ژیانکردن لە شارستانیەت و شارنشینیدا. بەدەربڕینێکی وردتر، پێش ١٠ بۆ ١٢ هەزار ساڵ لەمەوبەر، پێش ئەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگای چینایەتیدا بژی؛ مرۆڤ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و زیندووی هەبووە بە سرووشت و چارەنووسی خۆی و ئەوانیترەوە.

---

[2]- Transcultural

چارەنووسی مرۆڤ لە کۆمەڵگا پێش-چینایەتییەکاندا، چارەنووسێکی ڕاستەوخۆ و دەستنیشاننەکراو بووە و پانتایی ئازادی ڕادیکاڵی هەڵبژاردن زیاتر بووە. لەم پێتەوە چارەنووسی سەرەتایی مرۆڤ، چارەنووسێکی زیندوو و ئۆرگانیکی بووە بەراورد بە هەموو سەردەمەکانی تر و هەروەها ئازادیی زیاتری تێدابووە.

شێوەی ژیانکردن و شێوازی بیرکردنەوەیان کە دەرەنجامی ناڕاستەوخۆی شێوازی پێکەوە کارکردنیان بووە؛ دەرخەری ئەوەیە چارەنووس لە کۆمەڵگا پێش-چینایەتییەکاندا، ئازادتر و زیندووتر بووە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دابەشنەبوونی کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا و هاوکات نەبوونی خاوەندارێتیی تایبەت. مرۆڤەکان پێکەوە، هەرەوەزییانە کاریانکردووە و پێکەوە وەک یەک مەسرەفیانکردووە بەدوور لە دابەشبوونە چینایەتییەکان. بەم پێیەش، چارەنووسی مرۆڤەکان دەستنیشان نەکراوە و تاڕادەیەکی زۆر ئازادبوون لەوەی کە ڕاستەوخۆ بریار لە داهاتووی خۆیان بدەن.

لەبەر زیاتر ڕوونبوونەوەی بابەتەکە دەبێت ئاماژە بە دوو ئاستی چارەنووس بکەین؛ چارەنووسی کۆمەڵ و چارەنووسی تاک. چارەنووسی کۆمەڵ بریتییە لە دەستنیشانکردنی هێڵە گشتییەکانی شێوازی ژیانی کۆمەڵانی ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، بەگوێرەی بەرهەمهێنان و مەسرەفکردن. لەبەرانبەردا چارەنوسی تاک بریتییە لە دەستنیشانکردنی هێڵە تایبەتەکانی شێوازی ژیانکردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵێکی دیاریکراو بەگوێرەی داهات و خەرجیی تاکەکان. پەیوەندیی نێوان چارەنووسی کۆمەڵ و چارەنووسی تاک پەیوەندییەکی پێچەوانەیە؛ تا چارەنووسی کۆمەڵ زیاتر دەستنیشانکراو و دیاریکراوتر بێت ئەوا چارەنووسی تاک کەمتر دەستنیشانکراو دەبێت و کەمتر سنوردار دەبێت. بەم پێیەش چارەنووسی تاک کاتێک ئازاد دەبێت و دەتوانێت پەیوەندیی زیندووی لەگەڵ هەبێت و بە ویستی خۆی هەڵیبژێرێت کە چارەنوسی کۆمەڵ یەکلا کرابێتەوە و دەستنیشانکرابێت. لەم سۆنگەیەوە لە کۆمەڵگا پێش-چینایەتییەکاندا چارەنووسی کۆمەڵ یەکلا کرابووەوە و دەستنیشانکرابوو بۆیە چارەنووسی تاکەکان یەکلا نەکرابووەوە و دەستنیشاننەکرابوو و ئازادبوون. ئازادیی ڕاستەقینە تەنیا دەتوانێت لە کۆمەڵگایەکدا مومارەسەبکرێت کە چارەنووسی کۆمەڵی تیا دەستنیشانکرابێت.

چارەنووسی کۆمەڵ لەناو کۆمەڵگا پێش-چینایەتییەکاندا، بەهۆی ئەوەی کە هەموو کۆمەڵگا یەک چین بوون یان باشتر بڵێم چین بوونی نەبوو، ئەوا دەستنیشانکرابوو و یەکلاکرابۆوە.

ئەمەش لە ئوستوورەکانی سەردەمی پێش-چینایەتیدا کە بە ئەستەم و ناڕاستەوخۆ دەتوانین بۆی بگەڕێینەوە ئامادەیی هەیە. تەنانەت هێشتا دابەشبوونی ڕۆحیی نێوان خوداکان و مرۆڤ نەهاتبووە ئاراوە و مرۆڤاکان و خودا لە پەیوەندییەکی ئۆرگانیی ڕۆحییدا پێکەوە دەژیان. بۆیە لەم قۆناغەی ئوستوورەدا بە دەگمەن چارەنووسی تاک دەبێتە تێما و جێگەی سەرنج. ئەوەی لەم سەردەمەدا سەنتەرە چارەنووسی کۆمەڵە. ململانێی چارەنووسی کۆمەڵ لەگەڵ سرووشتدا یەکێکە لە ناسەرەوەکانی ئوستوورەی سەردەمی پێش-چینایەتییەکان.

ڕێکەوتی دەرکەوتنی پێشزەمینەکانی شارستانیەت هاوکاتە لەگەڵ دابەشبوونی کار و دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا. شارستانیەت و پەیدابوونی شار و دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ چینەکان کاریگەریی تۆخ لەسەر ئوستوورەکانی سەردەمی شارنشینی و شارستانیەت دادەنێت. لە ئوستوورەکانی سەردەمی کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا وردەوردە چارەنووسی تاک دەبێتە تێما و سەنتەر، لە گێڕانەوە جۆراوجۆرەکاندا و هاوکات چارەنووسی کۆمەڵ کاڵدەبێتەوە و بەرەو نەمان دەچێت. ئاینەکان کە ئوستورەی پەرەسەندوون، لەدایکبووی سەردەمی شارن. شار لە سەردەمی کۆمەڵگای چینایەتیدا دێتەئاراوە بەم پێیشەش بونیادی شار لەخۆیدا بەجۆرێک دەبێتە هەڵگری چینایەتی یان چینایەتی بەدرێژایی مێژوو دەبێتە ڕەهەندێکی حەتمیی شار. لەم پنتەوە دەبینین کە ئاینەکان بەراورد بە ئوستووره سەرەتاییەکان زیاتر بونیادە چینایەتییەکان و پەیوەندییە چینایەتییەکان تۆخدەکەنەوە و بە تەواوی فۆرمی چینایەتی و هیرارکی وەردەگرن. بە دەربڕینێکی تر، ئاین بریتییە لە ئوستورەی چینایەتیی سەردەمی شار.

سەرەتاکانی دەرکەوتنی شار کەمێک پاش شۆڕشی چاخی بەردینی نوێ واتە بۆ نزیکی ٧ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و وردەوردە پەرەدەسێنێت. مێژووی ئاین دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا و یەکەم ئاینەکان لە شێوەی دامەزراوەدا دەردەکەون. شار و ئاین پەیوەندییەکی ئاڵۆزیان پێکەوە هەیە و مێژووی سەرهەڵدانیان لێک نزیکە و شتێکی تر کە پەیوەندیی لەگەڵ شار و ئایندا هەیە بریتییە لە دەوڵەت.

ئاین و شار و دەوڵەت سیانەیەکی بەیەکداچوون کە لەسەر ئاستە جیاجیاکان یەکتری بەرهەمدەهێننەوە و پارێزگاری لەیەکتردەکەن. لە زۆر ڕەهەندەوە دەشێت قسە لەسەر ئەم سیانە و پەیوەندییەکانی نێوانیان بکرێت. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەین؛ پەیوەندییانە بە

چارەنووسی کۆمەڵ و چارەنووسی تاکەوە. لە شاردا بەهۆی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە، لەڕێگەی ئاین و دەوڵەتەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان چارەنووسی کۆمەڵ پشتگوێدەخەن و دەستنیشانی ناکەن. چارەنووسی تاک دەستنیشاندەکرێت و یەکلادەبێتەوە و بەر بە ئازادییە ڕاستەقینەکانی تاک دەگیرێت و ئیدی تاک ناتوانێت پەیوەندیی زیندوو و ڕاستەوخۆ و بێمیدیۆمی لەگەل چارەنووسی هەبێت.

ئەمەش لە یەکەم بەرهەمە نوسراوەکانی مرۆڤدا بەڕوونی ڕەنگدەداتەوە. ئەگەر تەماشای هەرکام لەو دەقە سەرەتاییانە بکەین بەڕوونی هەست بە وەرچەرخان دەکەین لە چارەنووسی کۆمەڵەوە بۆ چارەنووسی تاک. لە نوسراوە سەرەتاییەکاندا چارەنووسی تاک دەبێتە چەق و تێما. جۆرێک لە چارەنووسی میتافیزیکی لەدایکدەبێت. لە ژمارەیەکی زۆر لە دەقە کۆنەکاندا پێشگۆیەک هەیە کە پێشگۆیی دەکات و چارەنووسی تاک کەشفدەکات کە دیاریکراوە و گۆڕانی بەسەردا نایەت. لە هەندێ لەو بەرهەمە کۆنانەدا(بۆ نمونە ئۆدیپ پاشا[3]) پێشگۆکە بەدیاریکراوی چارەنوسی تاکێک دەخاتەڕوو، تەنانەت پێش ئەوەی هاتبێتەبوون. لە بەرهەمە نوسراوەکەدا، ئەو کەسەی کە چارەنووسە دیاریکراو و پێشوەخت-نوسراوەکەی، کەشفبووە تا کۆتایی هەوڵدەدات لێی ڕزگار بێت بەڵام ناتوانێت و هەمان چارەنوسی کەشفکراو بەسەریدا جێبەجێ دەبێت.

ئەمە تێمایەکی ڕێکەوت نییە و تایبەت نییە بە دەقێکی دیاریکراو، بەڵکو لە زۆرێک لە دەقەکان و نوسینە کلاسیکییەکاندا دووبارەدەبێتەوە و پەیوەندیی بە پارادایمی چینایەتییەوە هەیە. ئەمە سەمپتۆمە بۆ ئەوەی چارەنووسی تاک دەستنیشان و دیاریکراوە. بەدەربڕینێکی تر، چارەنووسی تاک لە سەردەمی کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا لەسەر ئاستی چین نەگۆڕە و بەجۆرێک دیاریکراوە.

ئەم وێنایە لە بەرهەمە کۆنەکاندا، بەشێوەی جۆراوجۆر ڕەنگیداوەتەوە. هەروەها لە ئاینیەکانیشدا دارێژراوەتەوە. ئاینەکان بەگشتی بەپێچەوانەی ئوستوورە سەرەتاییەکانەوە تاک لەجیاتیی کۆمەڵ بە موخاتەب دەکات و بانگهێشی تاک دەکات. لێرەوە چارەنووسی میتافیزیکی لەدایکدەبێت کە چارەنووسی تاکەکەسە. لە ئاینەکاندا، بەتایبەتی لە ئاینە ئیبراهیمییەکاندا، چارەنووسی تاک بەهۆی هەمووشتزانینی خوداوە یەکلا و دەستنیشانکراوە.

---

[3]- Oedipus the King

پنتی ڕزگاری لە ئاینی ئیبراهیمیدا تاکە و تاکیش ئەگەر بەشداری لە ڕیچواڵی ئاینیدا بکات یان ئەگەر لەپێناو سەرخستنی ئاینەکەیدا تەنانەت جەنگیش بکات دواجار بۆ خۆیەتی. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئاین، ئایدۆلۆژیای زاڵی سەردەمی کۆمەڵگا چینایەتییەکان بووە و بە تەنیشت دەوڵەت و شاراوە هاوئاراستە کاریانکردووە بۆئەوەی درێژە بە نەزمی باڵادەست بدەن.

چارەنووسی کۆمەڵ لە ئایندا پشتگوێدەخرێت. تەنانەت ئەگەر باس لە چەمکی "ئومەت"یش بکەین ئەوا ئومەت پێکهاتووە لە کۆمەڵێك تاک یان ئەتۆمی سەربەخۆ کە پەیوەندییان لەگەڵ ئەویتردا تەنیا بەهۆی ڕزگاریی خۆیەوە درووستدەبێت. کۆمەڵگا لەم چوارچێوەدا دەبێتە کۆی تاکەکان نەک هیچی تر. لێرەوە دەشێت باشتر لەوە تێبگەین کە بۆچی ئاین بەدرێژایی شارستانیەت و کۆمەڵگا چینایەتییەکان پێگەیەکی سیاسی-کۆمەلایەتی-ئابوریی بەهێزی هەبووە و هاوکات لەگەڵ بەهێزبوونی پەیوەندییە چینایەتییەکاندا پێویستیی ئاین زیاتر تۆخبووەتەوە.

## ٢- چارەنووسی وجودی

چارەنووسی وجودی، درێژکراوەی چارەنووسی میتافیزیکییە بەڵام بەشێوازێکی ئەبستراکت و هەندێ جار لە فۆرمی تێکستی فەلسەفییدا دەردەکەوێت. چارەنووسی وجودی، بەشێوەی کاڵ لە ئاینییەکاندا دەردەکەوێت بەڵام لە دەرەوەی ئاین و لە هەندێ لە ڕەوتە فەلسەفییەکاندا باشتر مانیفێستدەبێت. چارەنووسی وجودی، مەرج نییە ڕاستەوخۆ بۆ خودا بگەڕێتەوە بەڵکو زۆرجار بۆ وجودی مرۆڤ دەگەڕێتەوە؛ وجودێکی ئەزەلیی نەگۆڕ.

چارەنووسی وجودی ئەگەرچی بەتۆخی چارەنووسی تاکەکان دەستنیشانناکات وەک چارەنووسی میتافیزیکی بەڵام هێڵە گشتییەکانی دەستنیشاندەکات. نمونەی چارەنووسی وجودی وەک ئەوەی "مرۆڤ لە ئەزەلەوە تەنیایە"، "مرۆڤ بە سرووشت خۆپەرست و دڕندەیە"، "ژیان پووچە یان ژیان ئازارچەشتنە" و چەندە کلێشەی تری لەم جۆرە کە ئاماژەن بۆ چارەنووسێکی وجودیی تاکەکان. بەو مانایەی لەو دیو ویست و ئارەزووی خۆیانەوەیە.

باشترین نمونەی ئەمەش دەرکەوتنی سەرەتایی عەقیدەی بودایە کە عەقیدەیەکی فەلسەفی دەخاتەڕوو. کرۆکی فەلسەفەی بودا، مانیفێستبوونی چارەنووسی وجودییە. لەلای بودا کە

دواتر لەلای شۆپنهاوەریش هەمان شتە؛ ئەوە خودی ژیان و وجودە کە هەڵگری ئازار و بەدبەختیین. بودا لەڕێگەی نەفیی ئارەزوو و دواجار نەفیی دونیاوە ڕزگاری لەو دۆخە پێشنیاردەکات و شۆپنهاوەر لەڕێگەی نەفیی ویستی ژیانەوە، ئەو کارە دەکات.

چارەنووسی وجودی، سەمپتۆمە بو پارادایمی چینایەتی کە کۆمەڵگا چینایەتییەکانی تێدا دێتەبوون. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کۆمەڵگای چینایەتی چارەنووسی تاکی تیا وەک چین دەستنیشاندەبێت و چارەنووسی کۆمەڵیش تێیدا هەڵدەوەشێتەوە و پارچەپارچە دەبێت و بوونی نامێنێت. لەم پێتەوە چارەنووسی وجودی ناوێکی ترە بۆ چارەنووسی چینە جیاوازەکان کە لە تاکەکاندا بەرجەستەدەبێت. بەدەربڕینێکی تر، چارەنووسی چینەکان یان وەک مارکس ئاماژەی پێدا، بوونی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لەناو چینەکاندا دەستنیشان و یەکلادەبێتەوە. بەم پێیەش چارەنووسی چینەکان دەبێتە چارەنووسی تاکەکان.

نەبوونی ڕوانگەی ماتریاڵیستی لەمەڕ مێژوو، بووە هۆی ئەوەی کە ڕوانگە ئایدیاڵیستییەکانی تر، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لێکبداتەوە و دەرفەت بۆ پەیدابوونی چارەنووسی میتافیزیکی و وجودی بڕەخسێت و لە مێژوودا دەرکەوێت.

## ٣- چارەنووسی چینایەتی

چارەنووسی چینایەتی، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بە دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا کە لەئەنجامدا، ناکۆکیی ئەنتاگۆنیستی لەنێوان چینە ناکۆکەکاندا دێتەئاراوە. بەدەربڕینێکی تر، لەگەڵ پەیدابوونی خاوەندارێتیی تایبەتدا، چینایەتی درووستدەبێت. گرووپێک دەبنە خاوەنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان لەڕێگەی خاوەندارێتیی تایبەتەوە قۆرخدەکەن. ئەم گرووپە دەبێتە چینی باڵادەست و ڕوانگە و ئایدیای خۆی بەسەر چینەکانی تردا دەسەپێنێت.

چارەنووسی چینایەتی؛ چارەنووسی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا چینیایەتییەکانە. تاکەکانی چینێکی دیاریکراو دەبنە هەڵگری چارەنووسی چینە دیاریکراوەکە. بۆ نمونە تاکێک کە لە چینێکی جوتیاردا لەدایکدەبێت بەبێ ئەوەی خۆی ئارەزووی لێ بێت یان بەبێ ئەوەی هیچ

جۆرە هەڵبژاردنێکی هەبێت؛ چارەنووسی دەستنیشان و یەکلادەبێتەوە و چارەنووسی چینە دیارکراوەکە بەسەریدا دەسەپێت کە لەم نمونەدا چینە دیاریکراوەکە چینی جوتیار بوو.

"جوتیاربوون"، "کرێکاربوون"، "بۆرژوابوون" یان هەر بوونێکی چینایەتیی تر، چارەنووسی وجودی یان چارەنووسی بایۆلۆژیی نییە؛ بەهەمان شێوە چارەنووسێکی یەزدانی یان میتافیزیکیشی نییە. بەدەربڕینێکی تر، لە جیناتی هیچ کەسێکدا ئەوە دیارینەکراوە کە هەڵگری چ بوونێکی کۆمەڵایەتی بێت. بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە وەک مارکسیش ئاماژەی پێداوە، هەموو بوونێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا و لەڕێگەی چینەکانەوە دەستنیشاندەکرێت و ڕەنگڕێژ دەبێت.

لە کۆمەڵگای چینایەتیدا، چارەنووسی کۆمەڵ هەڵدەوەشێتەوە و دابەشدەبێت بەسەرچینەکاندا و پەیوەندییەکانی چینەکانیش لە تاکەکاندا ئەکچواڵ و بەرجەستەدەبێت و بوونێکی چینایەتی بەسەریدا دەچەسپێت. لەم پنتەوە چارەنووسی تاک ڕەنگڕێژ و دەستنیشاندەبێت. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا، تاکەکان بە هیچ جۆرێک ئازادیی هەڵبژاردنی بوونی کۆمەڵایەتیان نییە؛ بەڵکو ئازادیی مومارەسەکردنی چارەنووسی چینایەتییان هەیە. بۆ نمونە، بەگشتی کرێکارێک نەک هەڵبژاردن بەڵکو دەرفەتی ئەوەشی نییە ببێتە خاوەنی کارگەیەک یان ببێتە سەرمایەدار.

## ٤- چارەنووسی هیرارکی

چارەنووسی چینایەتی، تا نیوەی سەدەی بیست بەتۆخی کاری دەکرد و بوونی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی دەستنیشان و ڕەنگڕێژدەکرد. بەڵام پاش ئەوە فۆرمی چینایەتی گۆڕا و بەشێوەی ڕاستەوخۆ چینایەتی دەرناکەوێت و بەرجەستەنابێت. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە چینایەتی کەم بووبێتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە لە هەموو سەردەمێک زیاتر بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە زیاد هاوکات شاراوەش بووە و بەجۆرێکی تووشی فۆرمگۆڕین بووە. بەدەربڕینێکی تر، ناکۆکیی سەرەکیی نێوان خاوەندارێتیی تایبەت و کۆهێزی بەرهەمهێنان چیدی ڕاستەوخۆ چینایەتیی بەرچاو درووستناکات.

لە ئێستادا فۆرمێکی تەواو مەترسیدارتر لە چارەنووسی چینایەتی پەیدابووە، ئەویش بریتییە لە چارەنووسی هیرارکی. دابەشکاری و جیاکاری لە چارەنووسی هیرارکیدا زیاتر تۆخبووەتەوە و کەلێنەکان زیاتربووە بەڵام بە هەمان ئەندازەش پرۆسەکە بە نادیاری و ناڕاستەوخۆ ئەنجامدەدرێت. بەجۆرێک کە تاکەکان لە وەهمی ئازادیی هەڵبژاردنی چارەنووسدا دەژین. بەڵام ئەمە پێچەوانەکەی ڕاستە، بەو مانایەی هەر تاکێکی هەر ڕیزبەندییەکی هیرارکی لەناو هەمان ڕیزبەندیی هیرارکیدا ئازادە چیدەکات، نەوەک بیەوێت ئەو ڕیزبەندییە هیرارکییە بیەزێنێت.

بەدرێژایی پارادایمی چینایەتی، چەندین فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی کاری کردووە، کە دواهەمینیان سەرمایەدارییە. سیستەمی سەرمایەداری لە ئێستادا لە کۆپەیوەندیی چینایەتی-هیرارکیدا مانیفێستدەبێت. چارەنووسی ئێستای تاکەکانی ناو سیستەمی سەرمایەداری، چارەنووسی هیرارکییە. چارەنووسی هیرارکی، زۆر بەتۆخی، هەڵبژاردنەکانی تاک دەستنیشان و ڕەنگڕێژدەکات. لە سیستەمی سەرمایەدارییدا چارەنووسی کۆمەڵ وەک کۆمەڵگا چینایەتییەکانی پێشووتر هەڵدەوەشێتەوە و بەدئاراستە دەکرێت.

بەرجەستەبوونی ئاشکرای هیرارکییەتی سیستەمی سەرمایەداریی دوایین، لە هیرارکییەتی کاڵاکاندا دەبینین. بۆ نموونە نرخی پێڵاو لە ٦ دۆلارەوە هەیە بۆ ٦٠ هەزار دۆلار[4] یان نرخی ژەمێک خواردن لە ٢ دۆلارەوە هەیە بۆ ٢٥ هەزار دۆلار[5]یان نرخی ئۆتۆمبێل لە ٣ هەزار دۆلارەوە هەیە بۆ زیاتر لە ٣ ملیۆن دۆلار[6] و ... هتد. ئەگەر جیاوازیی نێوان نرخی هەرزانترین و گرانترین پێڵاو وەرگرین ئەوا جیاوازییەکە بریتییە لە ١٠ هەزار پلە. ئەمەش لانیکەم ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم سیستەمی نرخدانانە توانستی ئەوەی هەیە بۆ کاڵایەکی دیاریکراوی وەک پێڵاو، تاکەکان پۆلێنبەندی و پلەبەندی بکات بەسەر ٥ هەزار تاکی جیاوازدا، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ناعەدالەتی و نایەکسانییەکی ئێجگار گەورە.

چارەنووسی هیرارکیی تاکێک بەم شێوە دەستنیشان و ڕەنگڕێژدەبێت؛ بۆ نموونە کەسێک کە لە ڕیزبەندیی هیرارکیی پێڵاوی ٦ دۆلارییدا پۆلێنبەندی و پلەبەندی کراوە ئەوا هەرگیز ناتوانێت بڕواتە ناو ڕیزبەندیی هیرارکیی پێڵاوی ٦٠ هەزار دۆلارییەوە و پێڵاوی ٦٠ هەزاری دۆلاری لە

---

[4]- Air Jordan Silver Shoes
[5]- Almas Caviar
[6]- McLaren P1 LM

پێ بکات. ئەم هاوکێشەیە بۆ هەموو کاڵاکانی تریش ڕاستە. لە سەردەمی چارەنووسی هیرارکی و سەرمایەداریی دواییندا ناعەدالەتی گەیشتووە بە لوتکە و دیکتاتۆریەتی کاڵاکان حوکمی مرۆڤەکان دەکەن و شوناس بە مرۆڤەکان دەبەخشن.

مارکس دوو سەدە پێش ئێستا، بەقووڵی هەستی بەم چارەنووسە تاریکەی مرۆڤ کرد کە دیکتاتۆریەتی کاڵاکان حوکمی دەکەن و مرۆڤ لە هەموو بەها مرۆییەکان دادەماڵرێت؛ بۆیە مارکس "کۆمۆنیزم"ـی خستەڕوو کە بەر بەم کارەساتە دەگرێت. کۆمۆنیزم واتە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت و سەرپێخستنی خاوەندارێتیی گشتی کە دواجار بە هەڵوەشاندنەوەی چینایەتی کۆتاییدێت. لە سەدەی بیستدا تا ڕادەیەک سەرەتایەک لە کۆمۆنیزم جێبەجێکرا و بینەری دوو ئەزموونی گەورەی سۆڤیەت و چینی سەردەمی ماو بووین. سەرەڕای هەڵە و کەموکوڕییەکانیان، ئەزموونی پرشنگداری کۆمەڵگای عەدالەتخوازی و یەکسانیخوازی بوون. تەنانەت مێژوونوسە بۆرژوازییەکانیش پێ لەوە دەنێن کە ئەزموونی سۆسیالیسیتی سەردەمی ماوتسی تۆنگ، یەکسانیخوازترین کۆمەڵگای جیهان بوو.

لە کۆمۆنیزمدا بەپێچەوانەی کۆمەڵگا چینایەتییەکانەوە، چارەنووسی تاک دیاری و ڕەنگرێژناکرێت و بە ئازادی، چارەنووسی خۆیان هەڵدەبژێرن و لە بەرانبەردا چارەنووسی کۆمەڵ دەستنیشاندەکرێت و چینایەتی هەڵدەوەشێتەوە و کۆمەڵگایەکی یەکسانیخواز، ئاوەداندەکرێتەوە.